



# خشل و ئێکسسوارەکانی دەست و مەچەک

مارکەکانی دروستکردن و بەرهەمهێنانی خشل و ئێکسسوارەکان هەمیشە گۆڕانکاری لە بەرهەمەکانیان دەکەن و، مۆدە تازەکانیان لەگەڵ مۆدی پێشوودا دەگۆڕن، هەتا ئەو شێوازە تازانە بە خواست و دڵی کچان بن، کچە ئەکتەری ناوداری ئیسپانی (بینلۆپی کروز) سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ڕێکلامەکانی بۆ خشلەکان ئەنجام دەدات، هەروەها دەڵێ: «خشڵەکان ئافرەتان جوانتر دەکەن، ئەگەرچی پارچە موور و پلاستیك و زیو، یان هەر ماددەیەك بێت، گۆڕانکاری و کاریگەریی لەسەر جوانیی خانمانەو دەبێت»، مارکەی (سوارڤسکی) یەکێکە لەو براندانەی کە پێشەنگە لە دروستکردنی خشل و ئێکسسوارەکانی دەست و مەچەك کە کەرەستەکانی ناوازە و ناسکن و، زۆربەیان لە شێوەی جۆراوجۆر و بریقەدارن، ئەو خشڵانەی ئێستا باون، زیاتر بریقەدار و لە شێوەی مووروی خڕ و بازنەیی و لاکێشەن و زیاتریش لە بەرد دروست کراون، وەك پسپۆرانی ئەو مارکە دەڵێن: « بەهۆی ئەوەی خشڵەکانی دەست و مەچەك زیاتر بەر کەرەستەی دیکە دەکەون، وا چاکترە خشڵ و ئێکسسوارەکانی دەست و مەچەك لە بەرد بن، تا لە کاتی کەوتن و بەربوونەوەش هیچیان بەسەر نیەیەت، خشڵەکانی دەست و مەچەك بریتیین لە: دەستبەند، بازن، ئەڵقە و ئەنگوستیلە، لاستیك و زەنگیانە و موروو، هەموو ئەوانە مۆدێکی نایابن بۆ جوانی و ناسکی دەست.





# چۆن پانتۆڵێکی جینز هەڵدەبژێریت

جینز، یەکێکە لەو ماددانەی کە هەمیشە جوانی بە جەستەی خانمان دەبەخشێت، شێوەیەکی چوستی هەیە و جەستە بە توندوتۆڵی دەردەخات، کە یەکێکە لەو پۆشاکانەی بەردەوام گرنگیی پێدەدرێت و لەنێو هەموو تەمەنێکی ئافرەتاندا باوە. بۆ ئەوەی پانتۆڵێکی جینزت هەبێ، پێویستە تێبینیی جەستەی خۆت بکەیت، چاکترە بزانیت قاچ و ڕانەکانت چۆنن، چونکە هەڵە هەڵبژاردنی جینزەکان شێوەت ناشایستە دەکات، جینزەکانیش هەر یەکە پێوانە و قاڵبی خۆیان هەیە، لەم ڕێگەیەوە هەوڵبدە جینزێك بەدەستبهێنیت کەشیك و ناوازەت بکات. سەرەتا ئاماژە بە مۆدی داهاتووی جینزەکان دەکەین بریتیین لە: جینزی شین و نیللی، کە بە ڕەنگێکی کراوە یان ئاچوخدا دەبێ، لەگەڵ بوونی نەخشی بچووکی بریقە لەسەر ڕانەکان، واتا ئەوەی بە لیزەر ناسراوە، بۆ ئەوانەشی کە ناوقەدیان باریکە، دەتوانن ئەو جۆرە هەڵبژێرن کە لەسەرەوە گەورە دەردەکەوێ و لە خوارەوەش تەسك دەبێتەوە، ئەمەش وادەکات کە یەکسانی لە شێوەی خوارەوەی جەستەی خانماندا بەدی بکرێت، هەروەها بۆ ئەوانەی قاچیان درێژە، دەکرێ ئەو جینزە بپۆشن کە درێژە و لە سەرەوەی پێ جینزەکە دەچەمێندرێتەوە کە شێوەیەکی دروست بە قاچ دەدات و درێژیی قاچ ون دەکات، هەروەها ئەوانەی لاوازن، دەتوانن ئەو جۆرە بپۆشن کە ڕەنگێکی تۆخیان هەیە، وەك ڕەش و قاوەیی، تاوەکو شێوەی ڕان و قاچیان ون بکات، بەمەش جوانییەکی شیك بەرجەستە دەبێت.







# ئاهەنگ بۆ یاد و بۆنەکانی ئەندامانی خێزانەکەت ساز بکە





یاد و بۆنەکان ساتەوەختێکی خۆش و پڕ لە شادی و کامەرانین بۆ خێزانەکەت، کەشێکە بۆ کۆبوونەوە و نزیکبوونەوەی هەمووان، لەو ساتانەدا هەمووان دڵخۆشن، ئەگەرچی ناخۆشی و گرفتیش هەبێ، ئەوا لەو بۆنانەدا ون دەبن و گیانی لێبووردەیی زاڵ دەبێ. منداڵەکانت سەرچاوەی خۆشین بۆت، تۆش ببە سەرچاوەی خۆشی بۆیان لە سازکردنی ئاهەنگ بۆ یاد و بۆنەی لەدایکبوون و دەرچوونیان، تەنانەت ئەگەر بۆنەیەکی سادە و بچووکیش بێت بۆیان ئەنجام بدە، تا لە نزیکەوە خۆشی و شادی لە نێو ماڵەکەتدا بەدی بکەیت، هەمیشە هەوڵبدەساڵیادی ڕۆژی لەدایکبوونی هاوژین و منداڵەکانت لە بیر بێت، ڕۆژێك بەر لەوە ئامادەکاری بکە و بیکە بە سورپڕایزێك، هەوڵبدە سەرەتا دیاری بۆ ئەو کەسە دابین بکەیت کە ساڵیاد و بۆنەکەی بۆ دەکرێت، هەروەها خواردن و شیرینی بۆ هەموانیش ئامادە بکە، ئەمە مەرج نییە بۆنەیەکی گەورە بێت، بەجۆرێك کە نموونەیەکی جوانی و پێکەوە ژیانی خێزانەکەت نیشان بدات، ئەگەر منداڵەکەت کچ بوو، هەوڵبدە کراسێکی جوان و پێڵاوێکی پاژنە بەرزی بۆ بکەیت، هەروەها بووکە شووشەیەکی بە دیاری بۆ هەڵبژێرە، تا خۆی گەورە ببینێت، ئەگەر کوڕیش بوو، جلێکی فەرمیی بۆ دابین بکە، تا خۆی لە تەمەنێکی تازەدا بدۆزیتەوە، بۆ هاوسەریشت دیارییەکی بچووك و بۆنەیەکی سادە ئەنجام بدە، تا هەست بە جوانی و گەورەیی تۆ بکات. بۆنە و یادەکان جگە لەوەی ساتێکی خۆش بۆ خێزانەکەت دابین دەکات، هەروەها خۆشەویستی و ڕێز زیاتر دەکات.

## کچی خاڵدار



بەهۆی زۆریی خاڵ لە ڕووخساریدا، بە دێو و جنۆکە ناوبرابوو، کەچی لە داهاتوویەکی نزیکدا خۆی لە نێو پێشبڕکێی شاجوانانیدا دەدۆزێتەوە و بۆ هەموانیش دەیسەلمێنێت، کە جنۆکە کچێکی شۆخ و شەنگە، ئەوە چیرۆکی ژیانی ئەو کچە مالیزییەیە کە ناوی (ئیڤیتا باتسی ئیدگار)ە و تەمەنی (٢٠) ساڵە و دانیشتووی ویلایەتی (مۆرنینگ)ی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەیە. لە زگماکییەوە ڕووخسارێکی پڕ لە خاڵ و گرێی ڕەشی هەیە، دوای ئەوەی دەچێتە قوتابخانە و ڕووبەڕووی قسە و قسەلۆك و گاڵتەجاڕییەکی زۆر دەبێتەوە، کە ژیانی دەکاتە دۆزەخێك، لە تەمەنی (١٩)ساڵیدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی خاڵەکانی ڕووخساری سەردانی وڵاتی ئوستراڵیا دەکات، کەچی لەوێ بە خاوەنی جوانترین ڕووخسار دانراوە و، ڕێگەی بۆ کراوەتەوە کە بەشداری لە نمایشی جلوبەرگ و تەنانەت شاجوانییش بکات، وەك ئەوەی ڕووخساری ناوازیەیە، ئیڤیتا بواری نمایشکاری هەڵدەبژێریت و ئێستاش خەریکی کاری نمایشکاری جلوبەرگە.



## نەفەرتیتی شاژنە کورد

شاژنە (نەفەرتیتی) بە یەکێك لە جوانترین ئافرەتەکانی مێژوو دادەنرێت، ناوە میتانییەکەی «تیدۆخیبا»بوو، ساڵی ١٣٥٠ی پێش زایین شووی بە فیرعەونی میسر کرد و، لەوێ ناونرا (نەفرتیتی)، واتا ئافرەتی جوان. نەفەرتیتی کچی پادشای میتانی بوو لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە چووەتە میسر و شووی بە «ئەخناتون» فیرعەونی میسر کردووە، لەبەر ئەوەی لە نیشتمانی خۆی یەك خودای دەپەرست کە خودای خۆر بوو، کاریگەری لەسەر فیرعەونیش دروست کرد، کە خودای ئاموونی قەدەغە کرد و خودای خۆری کرد بە ئایینی فەرمیی وڵاتی میسر، نەفەرتیتی تا ئێستا گۆڕەکەی نەدۆزراوەتەوە، ڕەنگە دۆزینەوەی لە داهاتودا ببێتە سەرنجڕاکێشترین ڕوداووی مێژوو. میتانییەکان بە نزیك لە کورد دادەنرێن، لە ساڵی





١٥٠٠ بۆ ١٢٧٥ پ.ز لە ڕۆژئاوای کوردستان حوکمیان کردووە و بەشێکی زۆر لە باشووری کوردستانیان لە ژێر دەست بووە، کە سنوورەکەی تا ناوچەی کەرکووك بووە، پایتەختەکەیان ناوی «واشکۆنیە» بووە، کە دەکەوێتە نزیك سەرێکانی ئێستا، ئەو شاژنە لە سەدەی چوارەمی بەر لە زایین ژیاوە و، پەیکەرێکی هەیە کە تیایدای نیو ڕووخساری بەدەرکەوتووە، تا ئێستاش ئەو پەیکەرە ماوە، لە ساڵی (١٩١٢) ئەو نیو پەیکەرە لەلایەن شوێنەوارناسێکی ئەڵمانی بە ناوی (لۆدفیچ بۆرشارت) دۆزراوەتەوە، براوەتە شاری بەرلین، دواتر گەڕێنراوەتەوە بۆ میسر، ئێستا لە مۆزەخانەی میسر دانراوە، نەفرتیتی شەش کچی هەبووە، کە زۆربەیان لە جوانیدا وەك خۆی بێ وێنە بوون.

## ٣٢ زمان دەزانێت



زمان زانین، بەهرە و زانستێکی سەردەمە، لە ڕێگەی زانینی زمانی نەتەوە و هۆزەکانی دونیا، دەتوانی لێکتێگەیشتن لەگەڵ هەموو بەشێکی جیهاندا هەبێت و پەیوەندی بکەیت، ئەوانەی خۆیان فێری زمانی دیکە دەکەن، هەمیشە لە پێگەیەکی بەرزدا دەبینرێنەوە، وەك ئەو گەنجەی کە توانیویەتی ژمارەیەکی پێوانەیی لە زانینی زمانەکانی جیهاندا تۆمار بکات، ئەو گەنجە ناوی (ئەیونیس ئیکۆنۆمۆ)یە، لە بارەگای یەکێتی ئەورووپا وەك وەرگێڕ لە تۆڕێکدا بە ناوی (هایبەربۆلیگلۆت) کار دەکات. ئەم کەسە خاوەن بەهرە و توانایەکی ناوازەیە لە فێربوون و قسەکردن بە زۆرترین زمان، لە ئێستادا دەتوانێت بە (٣٢) زمان قسە بکات، زمانە فەرمییەکانی خۆی بریتین لە: ڕووسی، پورتوگالی، نەرویجی و پۆڵەندی، ئەوانی دیکەش زمانی نەتەوە و وڵاتان و هۆزەکانی جیهانن، خۆی دەڵێ: «فێربوونی زمان ئاسان نییە، بەڵام تێکەڵی و گەشتکردن و نزیکبوونەوە لە نەتەوەکان و سەردانی وڵاتانی جیهان، ڕێگەت بۆ خۆش دەکات تا بە ئاسانی زمانەکانی جیهان فێر بیت.»

## ئاهەنگ و بۆنە بۆ مردوو

گۆڕستانەکان بە ماڵی دووەم و کۆتایی دوای ژیان دادەنرێن، لە نێو زۆربەی ئایینەکانی ئاسماندا بە ڕێز و نزا و پاڕانەوە لە خوا گرنگی بە مردووەکان دراوە، کەسوکاریان سەردانی گۆڕستانەکانیان کردووە، هەندێ جاریش تاجە گوڵینە و کەرەستەی پیرۆز لەسەر گڵکۆیان دانراوە، بەڵام لە گوندێکی وڵاتی ئەندەنووسیا جۆرە ڕێوڕەسمێکی سەیریان بۆ مردووانیان هەیە، دانیشتووانی گوندی (توراجا) کە دەکەوێتە باشووری شاری سولاویزی ئەندەنووسی و ژمارەیان (٤٥٠) هەزار کەس دەبێت، پەیڕەوی تایبەتیی خۆیان بۆ ئایین هەیە، کە زیاتر بەندە بە ڕۆحەوە، ئەو پەرستنەی ئەوان پێی دەگوترێت: ئالووك (ALUK) وەك ئەوەی ڕۆحی مرۆڤ لای ئەوان نامرێت و تەنیا جەستەیان دەمرێت، هەر بۆیە ساڵانە مردووەکانیان لە گۆڕ دەردەهێنن و وێنە و یادگاری و ئاهەنگ و بۆنەی تایبەتیان بۆ دەکەن، ئەو نەریتە بۆ بەر لە سەدەی (٢٠) دەگەڕێتەوە و تا ئێستاش لەو کارە سەیرەیان بەردەوامن.





## پوختەی فیلم

**فیلمی (جارێکیان لە هۆلیوود) -** Once Upon a Time In Hollywood فیلمێکی دراما و شانۆییە، باس لە ساڵی (١٩٦٩) دەکات، کە ئەستێرەیەکی ڕۆژئاوا روو لە هۆلیوود دەکات و، ماوەیەکی زۆرە هەوڵ دەدات بە فێڵ و کارە سەرسەختەکانی بتوانێ خۆی لە هۆلیوودا بدۆزێتەوە، فیلمەکە لە ئەمریکا تۆمار کراوە، بودجەی گشتیی (٩٥) ملیۆن دۆلارە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٤) خولەکە، لە دەرهێنانی (کوانتین تەرانتینۆ)و لە نواندنی ئەستێرەی فیلمی تەیتانیك (لیۆناردۆ دیکاپریۆ) و (براد پیت) و کچە ئەکتەری ئوستراڵی (مارگۆت رۆبی)یە، فیلمەکە لە لایەن کۆمپانیاکانی (سۆنی پیکچەرس، کۆلۆمبیا پیکچەرس، پۆلیبۆنا فیلمز) بەرهەمهێنراوە.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە سەردەمی ئەمڕۆ دەکات، کە هەندێ کەس بە ماندووبوون و بەسەر پشت کەوتنی کەسانی دیکە بە ئامانج و دەستکەوتەکانیان دەگەن، کەچی لە رەواڵەتدا کەسانی ژێر دەستە ماندوو و هیلاکن.




یەکێك حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچووبوو، پەتەکەیان لە مل کرد و هەندێك جووڵەیان بە کورسییەکەی بن قاچی کرد، ئەویش هاواری کرد و گوتی: بوەستن. گوتیان چییە؟ ئەویش گوتی: زۆری نەمابوو بخنکێم!



## جلوبەرگی سەوزە

تازەترین بەرهەمەکانی جلوبەرگ، کە بۆتە جێی سەرنجی هەموان دروستکردنی پۆشاکە لە سەوزە، ئەو کارە لە وڵاتی مالیزیا ئەنجام درا و، نمایشێکی تایبەتیشی بۆ کرا، خانمانی نمایشکاری کە کۆمەڵێك سەوزە بە جلەکانیانەوە بوو خۆیان نمایش دەکرد، جلەکانیان لە گەڵا و پەلی سەوزەی وەك (سڵق و توور و کەرەوز و تەرەتوولە) ئامادەکرابوو، ئەوەی سەیرە خۆشیان پێکەنینیان

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەم ماوەیە چەند کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەی و هەست بە ئاسوودەیی دەکەی بە هۆی ئەوەی ماوەیەکە ئارەزووت دەکرد و کاتت نەبووە، هەر ئەمەش وا دەکات لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستکەوتی گرنگ بەدەست بهێنیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بە بێ ئەوەی چاوەڕوان بکەی لەلایەنی سۆزدارییەوە گۆڕانکاریت بەسەردا دێت، کەسی بەرامبەرت دەیەوێت زیاتر بایەخی پێ بدەی، بۆیە هەوڵ دەدات زیاتر سەرنجت رابکێشێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێك تووڕە دەبیت، زیاتر ئارام بە و هێمنیی خۆت بپارێزە، هەرچەندە زۆربەی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە بە خێرایی تووڕە نابن، بەڵام تووڕەبوونەکەیان بە رێژەیەکی زۆرە، چارەسەرێك بدۆزەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خۆت وا پیشان بدە کە توانات هەیە رووبەڕووی هەر گرفتێك ببیتەوە، زۆر جار هەستەکانت وات لێدەکەن زیاتر گەشبین بیت و بە ئاسانی کێشە و گرفتەکانت چارەسەر بکەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئێستا گۆڕانکاریت بەسەر هاتووە لە زۆربەی بوارەکاندا و هاورێکانت هەست بەمە دەکەن، چاوەڕوان بە لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو هەواڵێکی خۆشت پێدەگات.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

زیاتر بایەخ بە تەندروستیی خۆت بدە، زیاد لە پێویست خۆت ماندوو مەکە، لە ئایندە زیاتر بایەخی تەندروستی خۆت دەزانیت و ئەو کات هەست دەکەی دەبوایە ئەو خاڵە گرنگەت لەبیر بووایە.




## جیاوازی وێنە

- لـەم دوو وێنەیـەدا چەنـد جیاوازییـەك هەیـە بیانـدۆزەوە!



## پەند و وتە

نیـل ریچـارد گەیمـان، نووسـەری ئینگلیـزی و ڕۆمانـنووس، سـاڵی (١٩٦٠) لـە شـاری پۆرچێسـتەر لـە شانشـینی بەریتانیـا لەدایکبـووە، دەربـارەی کەسـە نزیکـەکان دەڵێـت: مـن لـە کەسـانی بێگانـە ناترسـم کـە هەڵەیـەك یـان کارێکـی وا بکـەن ئەزیەتـم ببـدەن، بەڵام زیاتـر لـە کەسـە نزیکـەکان دەترسـم کـە بـە جۆرێـك برینـدارم دەکـەن، سـاڕێژکردنم ئەسـتەم دەبێـت.



## فێلکاریی چاو

لـەم وێنەیـەدا دوو کـەس هـەن، لـە ژوورێـك وەسـتاون، یەکێکیـان هێنـدە زەبـەلاح و گـەورەیـە وەك ئـەوەی دوو ئەوەنـدەی کەسـێکی ئاسـایی بێـت، ئـەوەی دیکـەش هێنـدە بچووکـە بـە ئەسـتەم دەبینرێـت، ئـەو کارەش بـە فێڵـکاری و دەسـتکاری کـراوە، هەوڵبـدە بـە سـوودوەرگرتن لـە سـەیرکردنی سـەقفی ژوورەکـە، ڕاسـتی و دروسـتیی وێنەکـە بزانیـت.



## سەلاجەی جەلی

ئامێری ساردکەرەوە (سەلاجە) کە بۆ ساردکردنەوە و پاراستنی خواردن و شتومەك بەکاردەهێنرێ لە زۆربەی ماڵەکاندا هەیە، ئێستاش بیرۆکەی سەیر دەرکەوتووە لە پێخستنی ئەو ئامێرەدا، یەکێك لە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا جۆرە ساردکەرەوەیەکیان دروست کردووە کە دەرگای نییە، تەنانەت پێکهاتووە لە هەویرێکی توند لە شێوەی جەلی، وەك جەلی قژ وایە، کاتێك بتەوێت شتێك بخەیتە ناو سەلاجەکە، دەستت دەخەیتە ناو جەلیەکە ئەوەی دەتەوێ دەری دەهێنیت، بەبێ ئەوەی هەویرەکە بە دەستتەوە بنووسێت، یان خواردنەکە تێك بچێ.



بـە جلەکانیـان دەهـات، ئامادەبـووان و جەماوەریـش لـەو پێکەنینـە نەدەگەیشـتن، چونکـە لـە نمایشـی جلوبەرگـدا نمایشـکار پێناکەنێـت و بـە ڕووخسـارێکی جددییـەوە دەردەکەوێـت، ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی زیاتـر سـەرنجی ئامادەبـووان ڕابکێشـێت.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بـە بـێ هیـچ ترسـێك هەسـتی خـۆت بـە کەسـی بەرامبـەرت بڵـێ، ئـەم ماوەیـە لایەنـی سـۆزداری لـە بەرژەوەندیـی تۆدایـە، بـەڵام کات و شـوێنی گونجـاو هەڵبژێـرە کاتێـك ویسـتت ئـەو داوایـەی ئاراسـتە بکەیـت.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەسـت دەکـەی ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ زۆربـەی شـتەکان لـە بەرژەوەندیـی تـۆدان، بەتایبەتـی کاتێـك دەبینـی بـە شـێوەیەکن وەك خـۆت دەتەوێـت، ئەمـەش وات لێدەکات زۆر هەسـت بـە ئاسـوودەیی بکـەی.




**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

خـۆت قسـە لەگـەڵ کەسـی بەرامبـەرت بکـە و ئـەوەی لـە دڵتدایـە پێـی بڵـێ، نـەك کەسـی سـێیەم بێتـە نێوانتـان، دەکرێـت ئێـوە قسـەی ناخـی دڵتـان بکـەن، بـە بـێ ئـەوەی کەسـێکی دیکـە نهێنییەکانتـان بزانێـت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

دەبێـت سـوود لـەم کاتـە گرنگـە وەربگریـت بـۆ بەدیهێنانـی ئاواتەکانـت، بەخـت دەبێتـە هاوڕێـت و زۆربـەی شـتەکان لـە بەرژەوەنـدی تـۆ کۆتاییـان پێدێـت. دەبێـت بـە شـێوەیەکی زانسـتی بەرنامـە دابنێـی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

دوور بکـەوە لـەو کەسـانەی هـەوڵ دەدەن پەیوەندیـی نێـوان خـۆت و نزیکتریـن هاوڕێـت تێـك بـدەن، بـە قسـەی کـەس مەکـە و تـۆ زیاتـر لـە هـەر کەسـێك هاوڕێکـەت دەناسـیت، بۆیـە مەهێڵـە ئـەو قسـانە هیـچ کاریگـەری دروسـت بـکات.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ڕاسـتە ئێسـتا وەك پێویسـت بـاری داراییـت بـاش نییـە، ئەمـە هەندێـك هەڵـەی تـۆی تێـدا بـووە و دەبوایـە کاتێـك پـارەت زۆر بـوو، ڕۆژێکـی وەك ئەمـڕۆت لەبـەر چـاو بووایـە، بـەڵام لـە ئایندەیەکـی نزیـك بـاری داراییـت باشـتر دەبێـت.